# ناوەندی چاک لە نەخۆشیی حیزبایەتی دەربازکەین!!

خەلیل غەزەڵی
khalil.ghazali@gmail.com



ساڵی پار وەک میوان بەشداری کونگرەی چاک بووم. کونگرەیەکی دیموکراتێک بوو و ئیجازە دەدرا ئەندام و میوان بەدڵی خۆیان قسە بکەن. لەوی من باسی ئەوەم کرد چەندە جێ شانازیمە کە چاک تووشی نەخۆشیی رووناکبیری نەهاتووە و چالاکانی خۆبەش و دوورٍ لە دابی باوی ناوچەی ژیانی ئێمە(پاوان خوازی و دەستەبەندی و ..) کار دەکەن. و ئەو رەخنەشم گرت کە چاک نابێ کاری سیاسی بکات و دەبێ هەر لە بواری مافەکانی مرۆڤدا چالاک بێت.

بەداخەوە چاک تا هات سیاسیتر بوو و بەرە بەرە کاری سیاسیی هێندە بەهێزکرا کە ئەرکە سەرەکییەکەی (بواری مافی مرۆڤ)کەوتە پەراوێزەوە. هەر ئەو کاری سیاسیيەش بووە هۆی سیاسی بوونی هەڵوێستەکانی ئەندامان و لەئەنجامدا بەهۆی بیر و روانگەی جیاوازی سیاسی، ئەو یەکێتی و یەکپارچەییە جێگەی خۆیدا بە سەرهەڵدانی تەکەتول و دەستەبەندی . کە سەرەنجام نەخۆشیی ئینشیعاب و جیا بوونەوەش ئەو ناوەندەی گرتەوە. کە جگە لە داخ و مەخابن چیتری بۆ رێبوارانی خەباتی مەدەنی و مافە کانی مرۆڤ نەهێشتووەتەوە.

چەند مانگ پێش شێوە تەنگەژەیەک کەوتە نێوان بەرێز عەلی مەحموو و بەرێز ئەمیر قادر ەوە (هەردووکیان لە دەستەی بەرێوەبەرایەتیی چاک و لە دامەرزێنەرانی ئەم ناوەندەن.) ،بەداخەوە هەردوولا هەڵسوکەوتەکانیان ئەوە نەبوو کە چاوەروانیان لێدەکرا. ماوەیەک کێشەکان (بێ چارەسەر کردن و بە خۆکشانەوەی کاک ئەمیر) بێدەنگەی لێکرا ، بەڵام وەک چاوەروان دەکرا، دیسان وەک ئاوی پەنگ خواردوو لە لایەکی دیکەوە تەقییەوە و ئەمجارە ئەو ناوەندەی تا رادەی لێک بڵاوی و هەرکە بۆ خۆی بردووە. بەشێوەیەک کە ئێستە هەر کۆمیتە و بەشێکی (تا رادەیەکی زۆر) بەهۆی ئەو دووبەرەکییەوە سەربەخۆ عەمەل دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە لەتی کاک عەلی مەحموود تا ئێستە چەند جار رایگەیاندوە کە تەنیا یەک چاک و یەک ئادرەس و ناوەندی راگەیاندن هەیە، لەتێکی دیکەش بەرپەرچی دەداتەوە و خۆی بە چاک دەناسێنی. ئەمەش بووەتە هۆی پاشاگەردانی و تا ئەو جێگا چووتە پێش کە هەر کۆمیتە بۆخۆی راگەیاندن دەردەکات. بەشێوەیەک من بۆ خۆم سەرم لێ شێواوە کە ئایا ئەو کۆمیتانە کە خۆیان راگەیەندراو دەردەکەن، هیچ پێوەندیان بە چاکی ناوەندییەوە ماوە؟ ئەگەر ماوە سەر بە کام چاکن؟ لەوەش خراپتر ئەرێ کێ ئێستە نوێنگەی ئەو ناوەندەی چاکە کە تا ساڵی پار هەبوو و ئەوەندە بەهێز بوو کە تەنانەت هێزە دەسەڵاتدارەکانیش حەسرەتی ئاستی خوشەویستی و کارامەییان دەخواست؟

بەباوەری من چاک ناوەندێکی زۆر باش و جێکەوتوو بوو بۆ کارکردن لە بواری مافی مرۆڤ و بەراستی تەنیا ناوەندێکی مەدەنی لە دەرەوە بوو کە دەستی هەرچەشنە دەسەڵاتێکی لێ دوور بوو. ناوندێکی وا نیشانەی ئاستی بەرزی تێگەیشتن و دیموکرات بوون و خەمخۆریی ژمارەیەک رۆشنبیر بۆ نەتەوەکەمان و مافە ئینسانییەکانی بوو. ئەگەر چاک خۆی تێکەڵی کاری سیاسی نەکردایە بێگومان تووشی ئەم نسکۆیە نەدەهات و گەرتووشی موشکل و نەخۆشیی رووناکبیرانەش بهاتبا، قەت نەدەگەیشتە ئەم ئاستە.

هیوادارم هەموو دڵسۆزانی چالاکی چاک بە دڵێکی ئاواڵەوە بروانن گرفتەکانی ئەم ناوەندە مەدەنیە و نەیکەنە قوربانیی رۆح زلیی رقەبەریی خۆیان.

من پێشنیاری کونکرێتم بۆ چاک ئەوەیە کە هەموو لایەنەکان پێکەوە کونگرەیەک پێک بێنن و فێکرێک لەم کێشە

و گرفتانه بکەنەوە. گەر ئیمکانی کۆبوونەوەی گشتی هەبێ زۆر باش و بەکەڵکە، بەڵام گەر ئەو دەرەتانە دەست نەدا، دەتوانن ئەو کۆنگرەیە هەر لەرێگەی پاڵتاکەوە بەڕیوە ببەن.
بەڵام پێشنیارە کۆنکرێتەکەم ئەوەیە کە یەکەم،هیچکام لە ئەندامانی بەڕێوەبەری ئیستەی چاک کە لایەنێک یا کەسانێک قسەیان لەسەری هەیە، مافی خۆ کاندید کردنی بۆ دەستەی ڕێبەریی داهاتوو کەلەو کونگرەدا هەڵدەبژێردرێت، نەبێت. و هەر کەس کارەیەک بووە، ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی و وەزعی دارایی بداتەوە بە کونگرە.
رووی قسەم لە هەموو خۆشەویستانی چالاکی چاکە، و داوایان لێدەکەم ئەو ناوەندە ، کە بۆمن بەڕاستی نوێنگەیەکی کارای ناوەندێکی مەدەنیی سەردەمانە بوو، بە هەست بە بەرپرسایەتی و باوەڕ بەیەکتر و رەخنەگرتن لە خۆ، بێننەوە سەر دۆخەکەی سەردەمی کونگرەی پار و گیانی هاوڕیەتی و هاوکاری و سەردەمانە بوونی ناوەندێکی مەدەنیی کوردیی لەبەر کەنەوە.
بێگومان هەموو ئەمانە دەکرێ گەر هەرکام لە ئێمە ئەوە قەبووڵ بکەین کە تەنیا بە کاری جەمعی و هەرەوەزیی تاک تاکی خۆمانە کە چاک دەتوانێ کار و ئەرکەکانی بەو شێوە کە چاوەروانی لێدەکرێ ڕاپەڕێنێ. مەرجی سەرکیی بۆ هەموو ئەمانەش دوور خستنەوەی چاکە لە کاری سیاسی. کاری سیاسی دانێن بۆ حیزبەکان و تاکەکانی چالاک بەڵام دوور لە چاک.
بە هیوای یەکگرتنەوەی هەموو تێکۆشەرانی ئینسان دۆست و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و تێکۆشەرانی چاک لە چاکێکی یەکگرتوو و چالاکدا.
رەزبەری 2707